www.kurdistannet.org
13-10-2006 9:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# غەفور حەسەن لە پۆلیسی سلێمانی بەهێزترە ... ئارام گەردی

aram_mmmm@yahoo. com

دوای دوور کەوتنەوەی زیاتر لە پانزە ساڵ لە زێدی خۆی، مامۆستا حەمەسەعید حەسەن، لە گەشتێکی رۆشنبیریدا بە شارە ئازیزەکەی سلێمانی شادبۆوە.

وەکو ئەوەی سلێمانی، قەندەهار بێت، وەکو ئەوەی پۆلیس لەو وڵاتە بوونی نەبێت، چەشنی ئەوەی مافیا لە سلێمانی باڵادەست بێت، بە رۆژی رووناك و لە قەرەباڵغترین شوێنی شاردا، تەقە لە بەناوبانگترین نووسەری کوردستان دەکرێت و دەسەڵاتیش تا ئەو لەحزەیە ناتوانێت، یان (خوانەخواستە حەزناکات) تۆمەتبار دەستگیر بکات، ئاخر تۆمەتبار نەك ئاشکرا نییە، بەڵکو بە حەرفی درشت و بە ناوی ئاشکرا دەپەیڤێت و دەڵی خۆمم، ئەم تاوانەم ئەنجامداوە.

ئەری گەلۆ، با تۆمەتبار چەکداری یەکێتی بێت، داخۆ ئەمە قەت ئەوەیان بیانووی ئەوە بەدەستەوە دەدات، شکۆی یاسا بشکێنێت و دەسەڵاتدار لەوی نەرمنیانی لەگەڵ بنوێنێت.

خوازیارم لە پشت ئەو تەقەلێکردنەی مامۆستا و بریندارکردنی، هیچ گومانێك لای من و خەڵکی تر درووست نەکات.

لەوە گەڕی حەمەسەعید حەسەن کەسێکی نەخواستراوە لە لایەن دەسەڵاتی ئەوی، بەڵام چۆنە تا ئێستا وەزارەتی ناوخۆ و دامو دەزگاکانی پۆلیس، بەرگری لە پۆلیسێکی هاتوچۆی خۆی ناکات، کە ئەویش بووە قوربانی گوللەکانی تۆمەتبار؟!

دەسەڵات لەوی و پۆلیس ئەگەر بیانەوی، مێرووڵە لە شاری خۆی دەردێنن، شوورەیی نییە بۆیان دوای دوو سی هەفتە بەسەر رووداوەکە، تۆمەتبار مۆبایلی دانەخستبی و لەناو بازنەی ئاخافتن دابووبێت، باشە ئەو تەکنەلۆجیایەی لە دەزگاکانی ئەمنیدا هەیە، خێرە ناتوانی شوێنگەی تۆمەتبار ئاشکرا بکات؟

دەستگیرکردنی تۆمەتبار، بەرگری کردن نییە لە خودی حەمەسەعید حەسەن، بەڵکو بەرگری کردنەی لە سەروەری یاسا و پیرۆز راگرتنی شکۆی دادپەروەری، ئەوە کارەساتێکی جەرگبڕە تاوانبار سەرەڕای تاوانەکەی، کەسی نەبێت پێی بڵی پشتی چاوت دوو برۆیە.

دەستگیرنەکردنی تۆمەتبار تا ئەو لەحزەیە زەنگێکی مەترسیدارە و وەستانێکی هەڵوێست وەرگرانەی گەرەکە، دەبێتە پەڵەیەکی رەشیش بە تەویڵی پۆلیسی ئەو شارە.

لە کۆتایی گەرەکمە بێژم، چەندی تۆمەتبار زووتر دەستگیر بکرێت، درەنگە.